

# درەختی کفر

ئەم بیروڕایانە لە کۆڕێکی کۆمەڵەی رۆشنبیریی کاوە لە نیسانی 2001،لە هەولێر بۆ یادی103ساڵەی رۆژنامەنووسی کورد،پێشکەش کرا .

پێمخۆشە لەگەڵ کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی شارەزا، باسی تەجرەبەی دە ساڵەی رۆژنامەنوسیی دوای راپەڕین بکەین. لێرەشدا خۆم بە پێناسەی کاری رۆژنامەنوسیی و رۆژنامەنوس کێیە و رۆژنامە چییە؟ماندو ناکەم، چونکە بەکاری خۆمی نازانم،ئەویان کارێکی ئاکادیمییەو کەسانی لە ئێمە لە شارەزاتر ئەو مەوزوعانەیان روون کردۆتەوە. بۆیەش ئەم قسەیە لە پێشەوە دەڵێم بۆ ئەوەی کەس گلەیی نەکات . دەمەوێ ئەوەندەی لە دەستم دێت، باسی ئەوگرفتانەی ئەمڕۆ بکەم کە لە کاری رۆژنامەنوسیی کوردستانی ئازاددا لەپێشمانە .
حاڵی رۆژنامەنووس،وەك هەر روشنبیرێکی دیکەی ئەم وڵاتەیە. رۆشنبیریش لە ژیانی خۆیدا، سەرباری هەر ئیلتزامێکی هەیبێت چ سیاسی ، ئیداری یان هەندێکی شەخسی وکۆمەڵایەتی و ئاینی بێت، پڕەنسیبێکی گشتی و سەرەکی هەیە، لەبەرامبەر هەر دیاردەیەکی بڕوای پێنەبێ مقاوەمەت دەکات، تەنیا حەقانیەتی فکرو مەبدەئە گەورەکانی رۆشنبیریی نەبێ. ئامادەیە ئەمڕۆی لەگەڵ دوێنێی تەواو بەپێچەوانە بێت، شانازیش بەو جیاوازیەوە دەکات کەئێستای لەگەڵ ئەوکاتی جیای دەکاتەوە.کەواتە رۆژنامەنووسیش وەك هەر رۆشنبیرێك پابەندە بە حەقیقەت.لەوێدا ئەو پەندە کوردیە مانای نامێنێ کە دەڵێ؛

قسەی پیاوان  تا مردن یەکە   .

لە وڵاتی ئێمەدا پیشەی رۆژنانەموسیی زۆر شوێندراوە. ئەویش ئیمتدادێکی دیرۆکی هەیە.لای ئێمە رۆژنامەنوسیی لەپاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی دەستیپێکردوە. ئەمە جانبیکی زۆر پرشنگدارە بەو مانایە بەشدار بووە لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیدا. لەو رێگایەشەوە بەشداربووە لە پاراستنی زمان و پەرەپێدانی فکری نەتەوەیی وبڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی. بەم کارەی رۆژنامەنووسیی رەگێکی ئیلتزام دروست بوو کە لەمڕۆدا  لە شوێنی نامەعقولدا ئەم پیشەیە زۆر توند دەبەستێتەوە.ئا لەوێدا جانبێکی شێواندن لە کارەکەدا دەستیپێکرد. لایەنەکەی دیکەی پیشەی رۆژنامەنووسی دەگەڕێتەوە وابەستەیی ئێمە بەو وڵاتانەی کە لەژێر دەستیاندا بووین. وڵاتانی داگیرکەر رۆژنامەنوسییان بەلایەنە عەکسییەی بەکار دەهێنا.  راگەیاندن بەشێك بووە لە جیهازی داپوسینەر کە مێشك و زمان و هەموو بوارەکانی فەرهەنگی ئێمەیان دارنیوە .

دوای راپەرین هەردوو جانیبەکە وەك بەشێك لە پێشینەو کولتوری  رۆژنامەنوسانی کوردستان،بەسەر کاری راگەیاندن لە قۆناغی رزگاریدا دیار بوون. ئەوانەی کە دەستەندەرکار بوون،  هەموویان سەر بە یەکێك لەو حزبانە بوون کە رۆژنامەیان هەبوو،بەتایبەتی رۆژنامەنوسانی ناو راگەیاندنی هەردوو حزبی خاوەن دەسەڵاتی کوردستان ئەم نەرێتەیان بە تووندی پیادە کرد. بۆیە ئێستا ئەوەی کە  هەستی پێناکەین سەربەخۆیی رۆژنامەنوسە لە کاری خۆیدا. جارێ من پێموایە  شێوەیەکی ئەوتۆ لە شەخسییەتی رۆژنامەنوس دروست نەبووە تا بتوانێ مارەسەی پیشەکەی خۆی بکا. ئەگەر بپرسین ئەو پیشەیەی کە دەبوایە رۆژنامەنوس مارەسەی بکات بەڵام نەیکردووە چییە؟  دەزانین کاری رۆژنامەنوس بریتییە لە رەنگدانەوەو نیشاندانی هەموو رەوتە فکری وسیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و گرفتەکانی بەڕێوەبەرایەتی وڵات. پێویستە جاری یەکەم وەڵامەکە روون بکەینەوە،دوایی بەدوای چارەسەردا بگەڕێین. رۆژنامەنوس  ئەرکی پیشەیەتی مشکیلەکان دەربخات. ئینجا لە وانەیە دەرخستنەکە گرفت نەبیت بەڵکو لایەنێکی ئیجابی بێت.بەم چەشنە وەکو هەر کەسێکی

شارەزا لە بواری معالەجە کردنی کێشەکاندا، بەشدارییەکی چالاکانە دەکات. ئەوەی ئازاردەرە، لە وڵاتی ئێمەدا پیشەی ڕۆژنامەنوسی بەم مەبەستە بەکار نایەت، بۆیەش ڕۆژنامەنوس شەخسیەتێکی سەربەخۆی نیە.مەبەستیشم لە سەربەخۆیی دوورکەوتنەوە لە سیاسەت نیە یان هیچ ئیلتزامێکی بەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندی باڵای نیشتمان نەبێ .

دێمە سەر ئەو باسە کە چ پەیوەندیەك لە نێوان سەربەخۆیی کاری ڕۆژنامەنوسی و ڕۆشنبیری لەگەڵ سەربەخۆیی نیشتمانی و بەرژەوەندی باڵادا هەیە.جارێ ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە ئیلتزامێکی زۆر توندی ڕۆژنامەنوسانە بە مەسڵەحەتی تایبەتی ئەو حزبانەی خاوەنی ناوەندەکەن.هەڵبەت لە هەندێ وولاتان کە ڕاگەیاندن لە دەستی حکومەت دایە، ئەوانەی کاری تێدادەکەن، دیفاع لەو ڕوانگایە دەکەن کە حکومەت هەیەتی. دیارە حکومەتیش لەوێندەر سەر بە حزبێکە. ئەو جۆرە حکومەتانە حزبێك بەڕێوەی دەبەن ودەسەڵات تاك حزبیە .

لەم واقیعەدایە کە تا ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا ڕۆژنامەنوسێك نیە بۆ جارێك، بە دوا قەزیەیەك کەوتبێ کە جێگەی سەرنج بووبێت. ڕۆژنامەنوسێك نیە بەوە هەڵبسەنگێندرێ کە لە بواری فەسادی ئیداری یان فەسادی کۆمەڵایەتی و مەسەلەیەکی دیکە پەیوەندی بە حەیاتی هاوڵاتییەوە هەبێ، بەدوای قەزیەکە کەوتبێ وسەرئێشەی بە وەزیرێك یان بەڕێوەبەرێك خوڵقاندبێ، یان وایکردبێ لێپرسراوێکی گەورە لە سەرکردایەتی حزبێکدا شەرمی لەخیلافێکی خۆی کردبێ. لەوانەیە هەندێك لە هۆکارەکان بگەڕێنەوە بۆ پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی،هەروەها کەمی ئەو تەجرەبەی هەمانە. بواری دیکەمان هەیە، دەکرێ ڕۆژنامەنوس سەربەخۆیی خۆی تێدا نیشان بدات. کاتێك ڕوودوایێك ڕوودەدات یان ئیتجاهێکی فکری هەیە و دیاردەیەك سەرهەڵدەدا،جا چاك یان خراپ بێت، وادەخوازێ ڕۆژنامەنوس بەوپەڕی مەسئولییەتەوە لەسەری بنووسێت،لەوێدا خۆی لە مەسلەحەت و هەڵویستی حزبی دووربخاتەوە . من دەتوانم بە متڵەقی بڵێم تاکو ئێستا لە کوردستاندا، نەمانتوانیوە قەزیەیەك بهاروژێنین ئەگەر لە ژێرەوە فسەکەیەکمان لەگەڵ ئەم و ئەو

لێپرسراو نەکردبێ یان حسابمان بۆ ئەم و ئەو بەرژەوەندییە تایبەتییە نەکردبێ. ئینجا ئەوکات یان خۆمان لە قەزیەکە بە دوور ڕاگرتووە یان بە شێوەیەك دەرمانبڕیوە کەپێویست کراوە وابوترێ. بۆیە هەموو نووسینەکانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەو رەئیانەی لە رۆژنامەکاندا بڵاویان کردۆتەوە،تەعبیریان لە روانگای حزبەکەیان کردووە .

لەوانەیە لە پەراوێزی کێشەی نێوان دوو حزبدا، رۆژنامەنووسێك هەوڵیدابێ لەناو کومەلێك وتار ، هەندێك شتی خۆی بڵێ، ئەویش پێویست دەکات خۆی بانگ بکرێ تابڵێ لە کوێ مەبەستی چی بووە کە مەسلەحەتی حزبی تیا نەبوبێت. رۆژنامەنووس دەبێ دایم بیر لەوە بکاتەوە نەفەسی بەرەنگاری و مەعارەزە لەخۆیدا دروست بکات . چونکە ئەو کەرستەیەی کە رۆژنامەنوسان کاری پێدەکەن و ئەو پیشەیەی رۆژانە ممارەسەی دەکەن، کەمتر پەیوەندی بەخواستی خودی رۆژنامەنووس وەك کەسێك،هەیە. بۆیە من پێموایە ئەو پیشەیە، رۆژانەو لە بابەت و هەڵوێستی جیاجیادا،رۆژنامەنووسی ئەسیل کە بەرامبەر هیچ ئیمتیازێك ملکەچ نیە ، بەنەفەسی موعارەز رادێنێت و دەبێ ئیلتزامیشی بەرامبەر پاراستنی ئەم نەفەسە هەبێت، چونکە لە کاری ئەودا متڵەقیەت لەوەدانیە کە هەمیشە دیفاع لە فلان ئیتجاهی ئیداری یان کۆمەڵایەتی بکات.چونکە لەوانەیە سبەینێ عەکسی ئەمڕۆ رووبدات وهیچ مەسڵەحەتێکی تایبەتیش بۆ خودی رۆژنامەنووس ناتوانێ شوێنی ئەو ئەرکە بگرێتەوە.ئەویش ئەرکی پاراستنی پشووی بە رووەو مخالیف نووسنە. جاریوا هەیە تۆ لە زۆربەدای یان لە حکومەتدای یان لەو ئیتجاهەدای کە زۆربەی کۆمەڵ لە گەڵێدایە، بەڵام لەوکاتدا دیفاع کردن لە کەمایەتی راستەکە بێ. هەڵبەت ئەمە جورئەتێکی زۆری دەوێ و هەقانیەتێکی زۆریشی تیا دەبێت. لەوانەیە بەپێچەوانەوەش راست بێت. جاریوا هەیە رۆژنامەنووس مەجبورە گرنگی بە دیاردەیەکی بچووك بدات چونکە ئەشێ لە داهاتودا هەرەشە لە ووڵات یان لە ژیانی کۆمەڵایەتی بکات .

بێدەنگ کردنی رۆژنامەنووسان دیاردەیەکی فراوانەو زۆرجاریش پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە.هەڵبەت هەندێکجار رۆژنامەنووسان خۆیان بڕوایان بەوە هەیە کە دەبێ بێدەنگ بن،یان دەبێ ئیلتزامێکی حزبی پتەویان هەبێت، گوایە بەرژەوەندی ووڵات ئەوە

دەخوازێ، چونکە تەجرەبەکەمان ساوایەو بەری کێشمەکێش ناگرێ.من دەڵێم الحمدالله لە ساوایی دەرچووەو دەبێ دوای دە ساڵ بەو ئەندازەیە پتەو بووبێ کە بەری جیاوازی بۆچوونەکان بگرێت. ئەم تەجرەبەیە ئەوکاتە دروست بوو کە دنیا بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، دیفاعیان لە مانەوەی کورد کرد. مانەوەی ئێمە لە دنیای ئێستادا پەیوەندی هەیە بە تەجرەبەیەکی دیموکراتییانەی پڕ بە باڵای خۆمان کە بتوانین تەحەمولی یەکدی بکەین .کەواتە بەردەوامی ئێمە لەکوردستان یان بەردەوامی ئێمە لە سەربەخۆییدا ناتوانێت جیابێت لە پاراستنی مافی مرۆڤ یان دووربێت لە پاراستنی پرنسیپەکانی پارێزەری کەرامەتی ئینسان. کەواتە بەرژەوەندی باڵای وڵات ئەگەر بریتی بێ لە مانەوەی سەر بەخۆیی ئێمە ،ئەوە بەستراوەتەوە بە بنەماکانی دیموکراسی. دەبێ بزانین  لە کەشوهەوای دیموکراسیدا قەد یەکپارچیی و یەکدەنگی نیە. ئەو کەسەی بیەوێ بەم مەبەستە دیفاع لە کوردستان بکات و بڵێت دەبێ هەموومان یەکدەنگ و یەکرەنگ بین، بەرای من بەرامبەر  بەدوا ڕۆژی کوردستان زۆر دڵسۆزی نانوێنێ چونکە ڕێگە لە بەردەم دەستپێکردنی تەجرەبەکە وپتەوکردنی دەگرێ.دەبێ بە ئیتجاهی دیموکراتیانەی ئەوتۆ کەوا دوورمانڕابگرێ لە تەجرەبەی  هەندێك میللەتانی پێش خۆمان.لە نەتیجەی تێکۆشانی نیشتمانی میللەتانی پێش ئێمە، ژمارەیەکی زۆریان گەیشتنە رزگاریی. بەڵام دوای ئەوەی  حزبی شۆڕشگێڕو خاوەن دەسەڵات تاکڕەویان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا کرد، هەموویان بەبێ جیاوازی بوون بەحزبی دیکتاتۆر و هەندێك لە شۆڕشگێڕە زۆر گەورەکانیش لە ووڵاتانی دەوروبەری ئێمەدا دوای 02تا 03 ساڵ لە سەربەخۆیی و  نیزامی تاکحزبی ،خەڵك راپەڕین لە دەسەڵات دەریان کردن و هەندێکیش زیندانی کراون. تەجرەبەی ئەندەنوسیاو زامبیامان لەبەرچاوە .

راگەیاندن و رۆژنامەنووس ئەرکیان ئەوەیە کە توانایی بۆ دەربڕینی هەر رەئییەك دابین بکەن،تەنانەت  ئەگەر بۆچوونەکە هەڵەش بێت. دەبێ  دیفاع لەخاوەن رەئی بکات و بیپارێزێ. من بەوە دەڵێم پشوی موعارەزەی رۆژنامەنووسانە. جاریوا هەیە ئەم موعارەزەیە بەرامبەر بەخودی خۆشی دەبێ ،یەعنی هەلوێستی دوێنێی رۆژنامەنوسێك  لەوانەیە تەواو فەرقی هەبێت لەگەڵ ئەمرۆ. پێموایە یەکێك لە سیفەتەکاتی رۆژنامەنووس ئەوەیە وەك

هەر رۆشنبیرێك  نەترس بێ. بەداخەوە ئەو سیفەتەش لە رۆژنامەنووسی کورددا یەکجار کەمە. زۆر کەسیش هەیە پاساو دێنێتەوە بۆ ترسنۆکی و بێ هەلوێستی رۆژنامەنووسی کورد.ئەوانە ئیۆرسیەنی پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی یان حزبایەتی بەرچاوتەنگن .

ئەرکێکی دیکەی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆمەڵایەتیە.  ئێمە لە وولاتێکین کە هیچ تەجرەبەیەکمان لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا نیە. لەژێر دەستەیی وڵاتێکی دیکتاتۆر رزگارمان بووە فەرهەنگێکمان هەیە کە من یەك بەباری خۆم  زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکانی  شانازی پێوە ناکەم،ئەم فەرهەنگە دەبێ دەستکاری بکرێ ئەوجا پەرەی پێبدرێ .دەبێ لایەنە داخراوەکانی بشکێندرێ . کارکردن لە زۆربەی بوارە جوهەریەکانیدا بۆ رۆشنبیرانە، لە رۆشنبیرانیشدا رۆژنامەنووسان ئەرکێکی زۆریان دەکەوێتە سەرشان. لە وولاتی ئێمەدا تاکو ئێستا رۆژنامەنووسێك نابیندرێ کە پێیبووترێ نمونەیەکی لاوازی ئینسانێکی سەربەستە.  من حەزدەکەم  لەم بوارەدا مناقەشە بکرێم و نمویەکی رۆژنامەنووسی کوردم بۆ بێننەوە کە  بە ئینسانێکی ئازاد حساب بکرێت جا ئازاد بە هەموو چاکی و خراپیەکانیەوە  .

دەزگاکانی راگەیاندنی ئێمە لە بەرامبەر ئەرکە کۆمەڵایەتییە بە پەلەکان کە پەیوەندی بەژیانی ئەمڕۆوە  هەیە، ئامادەنە تا هەتایە دەمی خۆیان داخەن و یەك قسە نەکەن، هەر بۆیەش لەم دە ساڵەدا رۆژنامەنووسێکمان لەبەر چاو نیە کاری ئەو نووسینی گفتوگۆکانی یان ئەو بەشەی لە کاری رۆژنامەنوسیدا کە ئەو دەیکات، پەیوەندیەکی پتەوی هەبووبێت بە دیفاع کردن لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە هەموو بوارەکانییەوە؛هەر لە پاراستنی قانونەوە بگرە تا دیفاع لە بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی و مافی کەمەنەتەوەکان .من  لەسەر مافی کەمایەتییەکان دەوەستم. لەبیرتانە دوو ساڵ لەمەوبەر لە ئەنجامی دەخالەتی سیاسی دەرەوەدا، هەندێك لە کەمایەتییەکان نیشانەی پرسیاریان لەلایەن هەندێك نووسەری ئێرە کەوتنە سەر.لەوێدا رۆژنامەنووسان بەرامبەر بەم ئاریشە توندترین نەفەسی شوڤێنی بوون . هەندێکیان بەبێ ئەوەی بیر بکەنەوە دیفاع لە چ روانگایەکی خەتەرناك دەکەن و ئەگەر بەردەوام بێت چ کاریگەرییەکی خراپی بەسەر کۆمەڵی کوردستاندا دەبێ،قەڵەمیان لە چەقۆ

تیژتر بوو. زۆربەی  رۆژنامەنووسانی کوردستان لەو سیفەتە بەرزەی ئینسانێکی ئازاد بێبەش بوون .

لێرەدا نامەوێ بڵێم نابێ رۆژنامەنووس سیاسەت بکات، چونکە دەزانم  ئەم هەقە بۆ رۆژنامەنووسیش هەیە کە سیاسەت بکات. دەشزانم ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە سیاسییەکانی دنیا لە رۆژنامەنووسییەوە پێگەیشتوون.لەوەدا دەردەکەوێ کە رۆژنامەنووسان لەناو توێژی رۆشنبیراندا، نزیکترین کەسانێکن کە دەچنە ناو سیاسەتەوە.کەواتە زۆر ئاساییە رۆژنامەنووس حزبی و سیاسی بێت، بەڵام کە کاری راگەیاندن دەکات، هەلوێستەکانی هەمووی هەر حزبی نەبن. دەکرێ  رۆژنامەنووس کاتێ کاری حزبی دەکات ،رەئی حزبەکەی خۆی کە پێیراستە یان وەکو ئەرك بە ئەستویەوەیەتی، بە ئاشکرا بڵاوبکاتەوە، لە پێناویشیدا ماندو ببێ و هەوڵبدات ڕای گشتیشی بۆ تەیار بکات .کوردستان ولاتێك نیە کەداوابکرێ خەڵك دوور لە سیاسەت بتوانێ بە ژیانێکی ئاسایی بژێ و لە کێشەکان دوور کەوێتەوە.  لە عەینیکاتدا ئەگەر هەموو کاری رۆژانەی رۆژنامەنووس،  وەکو ئێستای کوردستان  بریتی بێت لە دەربڕینی رای حزب،هەڵبەت جاریوا هەیە لەم بوارەدا ئیجتهادو داهێنانیش دەکات.بۆ نمونە رەئیەکە هی ئەوە بەڵام لە پەراوێزی رەئی حزب بڵاوی دەکاتەوەو توانیویەتی ئەم دەرگایە بۆ خۆی  بکاتەوە .

ئەگەر بمەوێ سیلەچاوێك بدەمەوە شەڕی راگەیاندن، ئەو جەنگەی هەمووومان تێیدا کە هەمووومان تێیدا پاڵەوان بووین.کاتێك نەبەردەکە دەستیپێدەکرد، کەمترین شەخسییەت بەناوی رۆژنامەنووس بۆ ئەم پیشەیە نەدەمایەوە. هەڵبەت واتێنەگەن من پێموابێ کاتێ توندوتیژی لە بواری راگەیاندن لەنێوان لایەنەکان دەستپێبکات، دەبێ رۆژنامەنووس بەشداری نەکات، نا دەبێ بەشدار ببێ،بەڵام لەوکارەدا هەندێك ئەرك بە ئەستۆوە دەگرێت کە ئەسڵەن ئیشی ئەو نیە. کاتێك  حزبێك یان حکومەتێك دەیەوێ لێدوانێکی توند بڵاوبکاتەوە ،ئالەوێدا ئیشی رۆژنامەنووس نیە ئەو لێدوانە بدات.ئەمە ئیشی لێپرسراوێکی سیاسییە کە بە جوانتریش کارەکە دەکات و لێڵی تێدا ناهێڵێتەوە.خۆ ئەگەر هەدەف شەڕ کردن بێت، دیسان سیاسییەك باشتری دەکات. بەداخەوە لێرە بووە بە تەقلیدو کارەکە بە

ڕۆژنامەنووسان دەسپێرن . دەبێ ئەو تەعبیر لە بەرژەوەندی حزب بکات وجنیوەکان بدات و هەموو ئەو بێئەدەبیانە بکات کە حزبەکە خۆشی شەرمی لێدەکات و کۆمەڵیش لێیبێزارە. ئێمە لە تەجرەبەی شەڕی ناوخۆدا، لە ماوەی دە ساڵدا ئەوانەمان هەموو توش بوون وکردمان، قۆناغەکەشمان تێپەڕاند. ئێستا پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە .

یەکێکی دیکە لەو سیفەتانەی کە دەبێ بۆ پاراستنی نەبزو نەفەسی معارەزەی ناوکاری ڕاگەیاندن لە کوردستاندا بکرێ،ئەوەیە دەبێ ڕۆژنامەنووس هەندێك جار مناقەشەی موقەدەساتیش بکات. بۆ نمونە ئێمە میللەتێکن لە نیهایەتی سەدەی بیستدا خوا بەنسیبی کردین پشوویەکی ئازادی هەڵکێشین،بۆیە دەبێ لە هەندێك لایەنی مێژووی خۆمان ورد بینەوە.لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی ڕابردودا بەردەوام نەتەوەکەمان لە تێکۆشان دابووە،بەتایبەتی لەم بەشەی ئێمەدا زۆرلایەنی فکری نەتەوەیی هەیە ئەگەر لێیورد ببینەوە لەوانەیە بۆ ژیانی ئەمڕۆ هیچ جێگەیان بۆ نەمابێتەوە.ئەوانە دەکەونە ناو مێژووی فکری نەتەوەیی ئێمە. زۆر تێڕوانینی بەستەلۆك و بەرچاوتەنگی هەیە،دەبێ بخرێنە مناقەشەوە. پێموایە ڕۆژنامەنووس وەك هەر ڕۆشنبیرێك هیچ ئیلتزامێکی بەرامبەر نەرێتی کۆمەڵایەتی پاشڤەڕۆ نیە. ئەو تێڕوانینەی ڕێوشوێن بۆ کاری سیاسی وبیرکردنەوە دادەنێ ،تەنانەت دەخالەت لە چۆنیەتی بەڕێگا ڕۆیشتن و جل پۆشین و ئاخافتن وگوێ لە مۆسیقا گرتن دەکات،ئایاتۆ بۆت هەیە لەگەڵ گۆرانییەك سەر بهەژێنی یان نا؟ گەرەکە بزانێ لە کوێ دەبێ تەقلید بشکێنێ وبەقامەتی ڕاست بوەستێ،کە ئەوە دەکا دەبێ فەخریشی پێوە بکات،ئەگەر پێویست بوو،لە پێناوی بچێتە ناو زیندانیش، چونکە زۆرتەبیعییە لەو مەجالەدا ئینسان بکەویتە بەرامبەر قانونیش. بەداخەوە زۆر لەو قانونانەی کە لە حکومەتی عێراقەوە بۆمان ماوەتەوە، بەشێکیش لەو قانونانەی لە ماوەی دە ساڵی ئازادیدا لەناوخۆدا دانراون، لەگەڵ سەربەخۆیی ئینسان لە هەرێمی کوردستاندا ناکۆکن .

دەمێکە دەڵێین دەبێ ڕۆژنامەنووس لەبەرامبەر قانوندا ملکەچ بێت. هەندێك تایبەتمەندی وڵاتی ئێمە پێماندەڵی دەکرێ بە دیقەتەوە لەم بوارانەدا بکەویتە

چاوپێداخشاندنەوە، سەرکەشێکی مەعقول بیت،بە بەڵگەوە دەتوانی موناقەشە بنێیتەوە، نەك ئاژاوەگێڕ بیت. لەکۆمەڵی ئێمەدا زۆر لە پیرۆزی و بڕوای کۆمەڵایەتی لەگەڵ دین تێکەڵ کراون. ئەمە رەوتی سیاسیشی لەسەر دروست بووەو ئێستا وا ئازاری بە دەستەوە دەبینن. بەشی هەرە زۆری ئەم گرفتە دەکرێ لە کاری رۆژنامەنووسیدا باس و چارەسەر بکرێت چونکە دیارە بەشێکی زۆر لە کاری رۆشنبیریی و رۆشنگەری وەکو زۆربەی وولاتانی دیکەی دونیا، لە دەزگاکانی راگەیاندن جێبەجێ دەکرێ، لە رۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆکان بەشێوەی گفتوگۆ و سیمینار چارەسەر دەکرێت. رۆژنامەنووسانی کوردستان لەم بوارەشدا شانازیەکیان تۆمار نەکردووە، کەچی لە ولاتانی دیکەدا تەجرەبەیان زۆرە.لەوێدا وەستان لە بەرامبەر ئەو شتانەی کەوا لە رواڵەتدا پیرۆزن کەچی دەبێ روون بکرێنەوە و بشکێنرێن کارێکی رۆژانەی رۆژنامەنووسانە. ئێمە راوەستاوین تاکو کێشەی سیاسی دەگاتە قۆناغێك بە بڕیار و زەبری پوستاڵ و قونداغی تفەنگ رێچکە دەشکێندرێ ،لە کاتێکا دەکرێ کار نەگاتە هەڵوێستی سیاسی ، بە گفتوگۆ کردن ئەم دیاردانەی کە لە زاهردا پیرۆزن مناقەشە بکرێن .
لەو دووپات کردنەوەیە ماندو نابم کە بڵێم بواری رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا تەجربەیەکی دۆڵەمدندمان نیە بتوانین پەنای بۆ بەرین . خۆ پاساو هێنانەوەش زۆرە، یەکێك لەوانە دەڵێت؛ چونکە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن لە دەستی حزبەکاندایە، کاتێك نووسەر جوڵەیەك دەکات دەریدەکەن ونانی دەبڕێت. ئەم قسەیە لە پێنج ساڵەی یەکەمی راپەریندا دەکرا لە بەرامبەریدا بێدەنگ بین، چونکە بەڕاستی هیچ نەزم و تەرتیبێك نەبوو، ئایندەیەکی ئەوتۆش دیار نەبوو کە بتوانی مناقەشە لەگەڵ رۆژنامەنووس یان ئەو کەسانەدا بکرێ کە لە راگەیاندندا کاردەکەن. ئێستا وانیە و وەزعەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، دەبێ ئێمە لە چەسپاندنی حکومەتی قانون وپاراستنی کەرامەتی مرۆڤ بەشدارییەکی چالاکانە بکەین. ئەوە سەرەتاییترین مەبدەئی رێزگرتنی ماڤی مرۆڤە. جایەکێك لە زمان درێژەکانی مرۆڤی وولاتی ئێمە ،رۆژنامەنووسە.خۆئەگەر رۆژنامەنووسێك لەو بوارەدا توشی مشکیلە هات،دەبێ ئەم سەندیکاو قانون و رایە گشتییەی کە باسی لێوەدەکەین زەمانەت بێ بۆ رۆژنامەنوسی کورد تا بە ئاسانی لەسەر کاری خۆی دەرنەکرێ.

ئێستا گەیشتوینەتە قۆناغێك كە گومانمان لە داهاتوو كەمتر بووەتەوەو هێمنی  هەیە، دیفاع لە رۆژنامەنووس كردن كارێكی ئاسانە، ئەگەر لەسەركار بەهۆی هەڵوێستێكی سیاسی یان لەسەرتەنگ پێهەڵچنران لە رۆژنامەی حزبی دەركرابێ ، ئەو زەمینەیە هەیە كە بگیرێتەوە و قانون دیفاعی لێبكات. كەشی رۆشنبیریی ئێستا لە توانایدا هەیە  هاوكاری رۆژنامەنووس بێت. نابێ پرۆسەی ئاشتی وپاراستنی تەجرەبەی نیشتمانی بكرێتە دەسكەلا بۆ لێدانی نەفەسی راگەیاندنی ئازاد. من بە كارێكی شۆڕشگێڕانەو نیشتمانپەروەرانەی دەزانم  كە شیعاری ئازادی راگەیاندن بەرزكەینەوە چونكە ئەمە بەشدارییەكی زۆر گەورەیە لە پاراستنی تەجرەبەكەمان و رازاندنەوەی ئەم  بەو مەبدەئانەی كەمانەوەی دابین دەكات؛ ئەویش دیموكراسی و ئازادیی دەربڕینە، بەشداری كردنی راگەیاندنە لە پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و چەسپاندنی بنەماكانی پلۆڕالیزمی راو سیاسەت .

هەندێك كەس گلەییم لێدەكەن و دەڵێن ئێمە قەت خۆمان  بە رۆژنامەنووس نەزانیوە ئەگەر رۆژێك ئەركێكی رۆژنامەنووسی هەبوبێ و نەمانكردبێ. جارێ دەزانم زۆر ئەرك هەبووە منیش خۆم لێیدزیوەتەوەو قەتیش لە ئێوە رۆژنامەنووسان جیاواز نیم ، بۆیەش لەخۆم بە شكم رۆژنامەنووسێكی چاك بم. بڕواشم نیە رۆژنامەنووسانی كوردستان لەخۆیاندا بێتوانابن،بۆیە دووبارەی دەیڵێمەوە ئێمە بەشێك لە رۆشنبیرانی كوردستان بە ناوی رۆژنامەنووسان ئەركی سەرشانمانە نەبزوپشووی معارەزە بپارێزین. حەزیش ناكەم واتێبگەن دەبێ ئێمە خۆمان معارز بین، گرنگ ئەوەیە كە تۆ رێگا بە جیاوازییەكان بدەیت . بەڵێ پێویستە جیاوازیەكان بپارێزرێن. راگەیاندن وەكو دكتۆرێك بەرامبەر بەسەلامەتی هەر ئینسانێك وایەكە دەچێتە بەردەستی،دەبێ بە دڵسۆزییەوە چارەسەری بكات. راگەیاندنی وڵاتێك دەبێ ئەم دڵسۆزیەی تێدا بێت. هەر دەنگێك هەتا ئەگەر رایەكەی هەڵەش بێت، مادام پێویست بوو خەڵك بیزانی، دەبێ رێگای پێبدرێ بگەیەندرێتە رای گشتی. جاریوا هەیە رۆژنامەنووس  مەوزوعێك دەوروژێنێت بەڵام خۆی لەگەڵی نەبێت. لەو روانگایەمەوە شەرم ناكەم كە دەڵێم رۆژنامەنووسی ئەوتۆمان نیە خەڵك پەنجەی بۆ رابكێشن و لەبەر پیشەكەی رێزی بگرن. كەچی لە وڵاتەكانی دیكەدا  رۆژنامەنووس شەخسیەتێكی مەزنە  .

لەم قسانەمدا مەبەستم ئەوە نیە راگەیاندنکار بکەمە پرۆلیتەرێك و بلێم برۆ ولات تێکبدە چونکە تەنیا زنجیرەکانی دەستت لە کیس دەدەیت و لە مقابیلدا دنیا بەدەستدێنی. نا، پێویستە رۆژنامەنووسان ژیانیان زۆر خۆش بێت. ئەگەر لێگەرێن و ئازادی بەردەوام بێت، خۆشترین ژیان بۆ رۆژنامەنوسانە. وەك ئیشارەم پێدا، رۆژنامەنوس هەیە دەبێتە سیاسی و سەرۆك کۆمار وسەرۆکی حزبی زۆر گەورە.خواستی سیاسی کوفر نیە بەلام ئەوەی کاری رۆژنامەنووسی دەکات، دەبێ بزانێ ئەرکێکی حەساسی بە ئەستۆوەیە کە بریتییە لە رێگادان بە بلاوبوونەوەی رووداو و رای ناو کۆمەڵ.پێموایە ئەم بوارە بۆ ئیبداع کردن بە پیتە،چونکە ئەگەر کاری یەکەمت بەجێگەیاند، هی دووەمیان لەوەدایە وەك مرۆڤێك خاوەنی رای سەربەخۆی خۆت بیت.مامەڵەی داهێنەرانە لەنێوان ئەمانەتی گەیاندن و پابەند بوون بە رای مستەقلی خۆت،کارێکی بە وردەیی و زەحمەتە .

هەندێك نووسەر دەڵێن بۆچی رۆژنامەنووسە بیانیەکان لە سەردانی کوردستاندا هەرچی بیانەوێ دەینووسن، بۆ دەبێ ئێمە رێگامان لێبگیرێت؟ جارێ لە وەلامی ئەم رایەدا دەڵێم دەبوا رۆژنامەنووسانی ئێرەش بنووسن، جا ئەگەر رۆژنامەکان بلاویان نەکردەوە، دەکرا بە دەست کۆپیەکەی بلاو بکرێتەوە و ئێستا لێرەدا وەك تەجرەبەیەك دەبووە جێگای باس. بەلام ئەگەر نووسەر لە بن لێفەش هەر بترسێ و لە دڵی خۆشیاندا هەربترسێ و لە نێو مێشکی خۆشیاندا هەر زندەقیان بچێت،ئیدی ئەمە سیفەتی ئینسانی رژنامەنووس نیە. حەز دەکەین بلێین هەوین، ئێ دەباشە، بەلام ئەرکی خۆمان بەجێنەگەیاندوە. رۆژنامەنووس دەبێ تەنگ بە مشکیلەکان هەڵبچنێ. تەنگی بە رووداوەکان هەڵبچنە، ئەگەر پێینەوێرای، ئەوکات ئەوەی کە روودەدات،خەڵك پیدەزانێت. ئەوکات بابەتە سەختە چارەسەرنەکراوەکە خۆی دەبێتە تەجرەبەیەك بۆ ئەوەی لە ولاتی ئێمە ئەوگرفتە چارەسەر بکرێت. بێدەنگی نیشانەی پاڵەوانێتی نیە، بێدەنگی لە شەڕ و کارەساتی ناوخۆییدا هەڵوێستێکی کاریگەر نیە. نامەوێ زۆر لەسەر ئەم مەوزوعە بڕۆم،یەکێك لە سیفەتە سەلبیەکانی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەمە بوو. لەوانەیە رۆژنامەکانی کوردستان لەکاتی شەڕی ناوخۆدا هەموویان وەك یەك رێگایان نەدرابا، بەلام وابزانم ئەگەر هیچ هەوڵێك درابا ئەوە

کەناڵێك بۆ دەربڕینی رایەکە دەدۆزرایەوە و دەرگایەکی بۆخۆی دەکردەوە. دەنگێکیدیکە دەڵێ رێگە لە دەربڕینی فکری رەسەن و رەوتە فکریەکانی لە کوردستان دەگیرێ. بەڕای من ئەگەر نەمانەوێ لە راستی دووربکەوینەوە رێگە لە فکر ناگیرێ. لە کاری رۆشنبیریی و رۆژنامەنووسیدا رێگرتن هەبووە بەڵام کێ لەم وڵاتەدا لەسەر کاری فکری نوسیبێتی وەك کتێب بڵاویشی کردبێتەوە،ئازار دراوە؟ بێ ئازارترین وتارەکانی ناو رۆژنامەکان، نووسینە فکریەکانن چونکە لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا فکر کاریگەری کەمبۆتەوە، زەمانی ئایدولوژیا نەماوە. بەڵام کاتێك لە ناو شارەکان تێزابیان بە قاچی ئافرەتان دادەکرد،دوایی کار گەیشتە کوشتنی خەڵکانی ناودار،ئەم خاوەنفکرانە چەند وتار و کۆڕیان گرت، چۆن دەنگیان بەرز کردەوە. منیش دەزانم ئەوەی ئێستا تیایداین توڕاسێکە لە بزووتنەوەی سیاسیەوە بۆمان بەجێماوە.با نمونەیەك بێنمەوە؛ ئێستا شانازی بە میقداد بەدرخانەوە دەکەین کە یەکەمین رۆژنامەی بۆ دامەزراندین، بەڵام قەت وانازانین بەدرخان رۆژنامەنوسێکی ئازادو تەنگپێهەڵچن و چی و چی بووە، بەڵکو شۆڕشگێڕێك بوو بناغەی رۆژنامەی لە وڵاتی ئێمە دامەزراند. پاش ئەو چەندین قۆناغی دیکە بەسەر پیشەی رۆژنامەنووسیدا هات. دوای راپەڕین لە قۆناغی سەربەخۆییدا دەبێ دراسەیەکی نوێ بۆ ئەو پیشەیەبکەین و ئەو توراسەی بۆمان بەجێماوە بژاری بکەین. دەبێ بزانین کام ئەرك و شێواز کۆتایی هاتووە هەروەك چۆن لەوڵاتی سەربەخۆدا سرودی ئەی ڕەقیب وەك زەمانی مقاوەمەت و بەرەنگاری بەکار ناهێندرێت. زۆر شتیش لەگەڵ ئەی رەقیب قۆناغێك پاشەکشە دەکات یان لەوانەیەکۆتایی بێت.تاکو بەدلێکحالی نەبین، لە کام حەفلەدا خەڵك بە ئەی رەقیب حەفلەکە دەکەنەوە؟ خەڵکەکە وەڕز نابن؟ کەچی جاران پێیەوە شایمان دەکرد پێیەوە تێکۆشەران خۆیان بە کوشت دەدا. ئەو نمونەیە دێنمەوە لەگەڵ هەموو رێزم بۆ مێژووی ئەم سرودە نیشتمانیە بەرزە.

هەندێك رۆناکبیر پێمدەڵێن بۆچی باری رۆژنامەنووسان هێندە گران دەکەی. من دەڵێم رۆژنامەنووسان تاکە تایبەتمەندییان لە ناو رۆشنبیران ئەوەیە کە ئامرازێکی زۆر بە قوەتیان بەدەستەوەیە بە ئاسانی کاردەکەنە سەر خەڵك. لە کوردستاندا هەموو رۆژنامەکان

و کەناڵەکان لە دەستی رۆژنامەنووسان دانین بەڵکو لە دەست ساحەبەکانیان دایە کە حزبەکانن وکەمێکیش ملکی حکومەتن  بەڵام سەرباری ئەوەش مەجالی قسە هەیە. نمونەمان هەیە؛ ئایا ئەم گۆڕانکاریەی کە لە ئێران دەکرێ بەچی دەستپێکرد بەکوێ کۆتایی هات؟ گۆڕانکاریەکان سیاسی وکۆمەڵایەتین و زەرورەتن، بەڵام راگەیاندن لە ئێران ئەو دەورەی بینی کە خاتەمی هێنایە سەر کار.لەکاتی هەڵگەڕانەوەشدا هەر نووسەران و رۆژنامەنووسان گیران ،لێشیان تیرۆرو ئیعدام کران، ئەوانیش خرانە زیندان بەوانیش خەریکە گۆڕانکاریەکە کپ دەکرێتەوە. لە چیکۆسلۆفاکیا هەروا دەوری باشیان بینی. مەبەستم ئەوە نیە تەنیا رۆژنامەنووسان پاڵەوانی گۆڕانکاریەکانن، بەڵام قسەی رۆژنامەنووسان، شێوازی چارەسەریەکانیان، هونەری کارو بوێرییان  لە کاری راگەیاندن و لە گۆڕانکارییە گەورەکاندا زۆر کاریگەرن. بوێری تەنیا خەنجەر هەڵکێشان و یەکێك کوشتن نیە. گرنگ لەوەدایە بتوانی معالەجەی بەجێی مەسەلەیەکی سیاسی،فکری، کۆمەڵایەتی وئیداری بکەی کەلە وڵاتدا هەموو سەرنجی بدەنێ  ئەم مەسەلەیە بەرژەوەندی تێدایە یان لەوانەیە بەپێچەوانەوە بێت   .

ئەو کاتە خۆت چیت بەسەردێ؟ وەڵاهی هەر کەسێ بۆی هەیە بیر لە خۆشی بکاتەوە. من پێموانییە ئەگەر کوشتن و دەرکردن هەبێت، رۆژنامەنووس بتوانێ سەربەرز بکاتەوە. ئینجا بۆ سەربەرز بکاتەوە؟ئەگەر لە وڵاتێکدا دیکتاتۆری هەبێ،خەڵك بۆ چاوەڕوانی لە نووسەر هەیە بێدەنگ نەبێ ؟ وەڵا دەبێ بێدەنگ بێ. بۆیە سەربەرزی و شانازی نیە بۆ وڵاتی ئێمە، چاو لە رۆژنامەنووس و رۆشنبیر سوربکاتەوە، هەرکە چاوی لێسورکردەوە ئیتر یاسا سەروەر نابێت، دیموکراسی نامێنێ وئازادی وئاوەدانی دەڕوات،لەوێدا ئەم تەجرەبەیە هیچ داهاتویەکی پڕشنگداری نابێ و حزبەکان نابن و سوڵتەشیان نابێ،کەواتە ئەرکی ئەوانە، وەزیفەی سەرشانیانە، دەبێ ئەو زەمینەیە خۆش بکەن. ئێمە وڵاتێکی بچووکین، سەروەتەکەی لە دەستی حکومەت و حزبەکان دایە، پێویستە راگەیاندن لە چوارچێوەی قانون، بەشێوەیەکی مەعقول وەکو هەموو وڵاتەکانی بچووکی دیکەی  کە دیموکراتن، بەڵام رێگەیان بۆ ئازادی راگەیاندن  دۆزیوەتەوە، بیر لە چارەسەری گونجاوی خۆمان بکەینەوە.

ئێمەش ئەگەر بمانەوێ  ئەم سەروەتە بخەینە خزمەتی میللەت، دەبێ حکومەت دەوری خاوەن سەرمایەکان ببینێ. بۆیە ئەگەر دیراسە بکرێ،رێگاچارە هەیە. هەڵبەت ئەوە لە باری قورسی رۆژنامەنووسان کەم ناکاتەوە .

حاڵەتی دیکە هەیە وەك دەرکرانی رۆژنامەنووس لە راگەیاندنی حزبەکەی بەڵام بە بێدەنگی لە ئیتارێکی دیکەدا.لەوانەیە لێم بپرسن ئەدی ئەگەر کاری حزبایەتی و رۆژنامەنووسی لای یەکێك تێکهەڵەنگوتن ئەوکەسە چی بکات. بەرای من رۆژنامەنووسی بۆ رۆژنامەنووسێك کار دۆزینەوە نیە، بۆیە پێویستە بەرامبەر بە پیشەکەی مولتەزم بێت. بۆ ئەوانەی کە دەڵێن  دەنگ بەرز بکەینەوە نان دەبردرێ ،ئیش نامێنێ، نامەوێ دووبارەی بکەمەوە دەبێ ئەو جەوەی لە وڵاتدا دروست بووە بیپارێزین، واتە لەسەر ئازادی بیروڕا نابێ کەس دەربکرێ. لەوانەیە لەسەر رەئی تایبەتیم من نەتوانم لە حزبێکدا پۆستێك وەربگرم، ئەوەش زۆر ئاساییە، چونکە سیاسەت تەنیا بریتی نیە لەوەی من چی دەڵێم یان کام پۆست وەردەگرم، بەڵام لە وڵاتدا دەبێ  ئەو زەمینەیە پتەو بکرێ وپشتیوانی بکرێ کە رۆژنامەنووس بتوانێ کاری خۆی بکات، ئەوەی لێی دەپێچێتەوە دەبێ بەپێی قانون بێت. ئەگەر قانون وحیمایە نەما، ئێمەش هیچمان لە رۆژنامەنووسان ناوێ، چالاکی مەدەنی دەوەستێ، ئیتر پێویست بەم گفتوگۆیەش ناکات .

لێرەدا تەکید لەسەر مانەوەی جیاوازیەکان دەکەمەوە. پێداگرتن لەسەر ئەم مەفهومە ئەرکێکی نیشتمانی و رۆشنبیرییە. لەو وڵاتانەی تاکە حزبێك فەرمان بەرێوەدەبات،ئەگەر زۆر بە عاقڵانە تەعامول لەگەڵ چەسپاندنی دیموکراسی نەکات و رێگا بە دروست بوونی معارەزەی خۆیدا نەدات،ئەوجا لەبێمنافیسیدا دەوری باوك دەبینن و باوکیش لە وڵاتی ئێمەدا سەرباری دڵسۆزی و میهرەبانییەکەی، دایم دیکتاتۆر بووە.  هەر سێ سوڵتەکەی ناو وڵات،یەکەم و دووەم و سێیەمیان ئەگەر چاودێری بە سەرەوە نەبێ بە کەیفی خۆی کار دەکات، هەرکاتێك بە کەیفی خۆی کاریکرد، بە تەبیعەتی حاڵ سوڵتە بەرەو دیکتاتۆری دەڕوات. ئەی بۆ ناویان لە راگەیاندن ناوە سوڵتەی چوارەم؟ ئەم سوڵتەیە  جاریوا هەیە کاردەکاتە سەر هەڵسوڕانی سوڵتەی یەکەمیش. بە خۆڕایی نیە بەبێ ئەوەی لە قانوندا

جێگای هەبێ، سوڵتەی چوارەم هەیە و بۆ قسەکردن و رەخنەگرتنیش هیچ بەرپەرچێکی بۆ دانەندراوە.گلەیی لە کاری سەندیکاکان لە کوردستان دەکرێت.من بەسەیری نازانم کە سەندیکاکان  زۆر چالاك نین. مادام ئێمە تەعامول لەگەڵ خۆمان دەکەین و رازیشین کە فەرمانبەربین ، سەندیکای فەرمانبەرەکانی راگەیاندنیش وەکو سەندیکای فەرمانبەرەکانی دیکەی بەشەکانی ئەم وڵاتە وایە. وجودی سەندیکایەکان بۆخۆی دەستکەوتێکی باشە، بەڵام سەندیکاکان لە کوردستان ئاوهان ،دەبوایە سەندیکای رۆژنامەنووسان لە جۆرێکی دیکە بێت . ئەوەی ئێستا هەیە، جێی باسە. پرسیاری تەجرەبەی گوڵان دەکەن.دەزگای گەلانیش وەك هەموو رۆژنامەکانی ئەم وڵاتە گرفتی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام بە تەئکید دامەزرانی گوڵان تەعدیلێك بوو لەوروانگەیەی کە ئێستا هەوڵی بۆ دەدرێ،ئەویش وازهێنانە لەدەوری سەرەکی ئۆرگانەکان. ئورگانەکان دەبێ هەبن. ئۆرگانی حزب لە هەموو دنیا هەیە، بەڵام دەبێ دەوری سەرەکی لە ئۆرگانەوە تەحویل بکرێن بۆ رۆژنامەی ئازاد.دەکرێ  حزبەکان لە پشت ناوەندە ئازادەکان بن .ئەم تەجرەبەیە لە وڵاتانی دیکەشدا هەبووەو گوڵان تەجرەبەك بوو لەو مەجالەدا، سەرنەکەوت یان تێشکا؟ ئەوەیان هەموو کەس بۆی هەیە مناقەشەی بکاو پێموانییە شتێکی زۆر موقەدەس بێت .

دەپرسن  عەقلیەتی  هەر سیاسیەك ودەسەڵاتدارێك و وەزیرێك و سەرۆك وەزیرێك کاری خۆی دەکات.لە هەموو دنیا باوە کە هیچ بەڕێوەبەرایەتییەك حەز ناکات ئیشەکانی خۆی لە ژێر دەست دەرچێ ولە رۆژنامەدا بڵاوبێتەوە،چونکە پلانەکانی  تێکدەچێ ومعارزەی  بۆ دروست بێت. ئەو نەخشەیەی دەیویست پاش مانگێکی دیکە ئاشکرای بکات، ئێستابەبێ ئەوەی بزانێت ئاشکرا دەبێ.  ئەگەر ئێمەش ببین بە وەزیرو  سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی حزب، هەروا دەکەین. بەڵام گرنگ ئەوەیە  قانونێك هەبێ ئەم پەیوەندییە تەنزیم بکات، ئەویش بڕیاری سیاسی لە شوێنی خۆی وکاری راگەیاندنی و رۆشنبیریی لە شوێنی قانونی خۆی دابێت، ئەو کات تەوازونەکە دروست دەبێت.وڵاتانی لە ئێمە بچوکتر هەن کە لە ئێمە ئازادترن وحکومەت  یارمەتی بەڕێوەچوونی راگەیاندن دەدات بەڵام لە چوارچێوەی قانوندا. لە رۆژنامەنووس دەپێچیتەوە ئەویش نەك خودی حکومەت، هاوڵاتی دەچێ شکایەت دەکات.

دەبێ ئێمە داوای ئەو چەشنە بکەین کە لە شوێنانی دیکە هەبووە. ئەوکات دەزگاکان کاری خۆیان دەکەن و وەڵامی هیچ لێپرسراوێکی ناپەیوەندار نادەنەوە. ئەگەر تایبەتمەندییەکانی خۆمان لەبەر چاو ون نەبێت ، دەتوانین  کەڵك لە تەجرەبەی وڵاتانی ئەسکەندینافیا و ناوەراستی ئەوروپا وەربگرین. هەندێك کەسی دیکە دەڵێن مەسڵەحەتی وڵات ناخرێتە بەردەستی هەموو کەس بۆیە سەرۆکایەتی حزبەکان لە بواری راگەیاندنیشدا بەپێی مەسڵەحەتی خۆیان بڕیار دەدەن. کەس داوا ناکات سەرکردایەتی سیاسی وردو درشتی خۆی بداتە بەردەستی راگەیاندن. بەڵام هەر راگەیاندنیشە هەڵەی سەرکردەکان دەخاتە ژێر پرسیارو بۆ بەرژەوەندی وڵات خەڵك بەئاگا دێنێتەوە .

کەسانێك هەن پێیانوایە لە هەڵسەنگاندنەکانمدا غەدرم لەو نووسەرانە کردووە کە دژی رژێمی داگیرکاری عێراق دەیاننووسی. هەڵبەت هەمووومان واقیعی زەمانی داگیرکاری فاشیزممان لەبیرە. ئەوەش دەزانین کە ئەو جیلانەی لە سایەی داگیرکار پەروەردە بوون، کاریگەری ئەوکاتیان بەسەرەوە هەبووە. چونکە هەر معارەزەیەك لەخوێندا دەخنکێندرا، بۆیە کەس نەیدەتوانی  لەدژی حکومەتی  عێراق بنووسێت. جیا لەوەی کە هیچ ناوەندێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی بەعس نەبوو.نووسەرانی کورد زۆر بە زەحمەت دەیانتوانی خۆیان  لە چنگ داپڵۆسین بپارێزن. هەندێکیش هاوکاری دوژمنیان کرد،یارمەتی چەسپاندنی فەرهەنگی فاشیزمیان دەدا .

دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت، رەخنە حکومەتی کوردستان بەهێز دەکات و ژیانی سیاسیش ساغتر وچالاکتر دەکات .